

# مۆبایلەکانی داهاتوو چۆن دەبن











مۆبایل ئێستا لە گشت ئامێرەکانی دیکەی دیجیتالی کاریگەری زیاترە و لەهەمووشیان گشتگیرترە، مێژووی مۆبایل بەو بەرفرەییەی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ناگاتە دوو دەیە، خودی مێژووی دروستکردنی مۆبایلیش ئەوەندە لەمێژ نییە، بەڵام بەو مێژووە کەمەی کە هەیەتی بۆتە ئامێرێکی تەواو گشتگیر.

ئەو ئامێرە ئێستا لە سنووری ئامێرێکی تایبەت بە قسەکردن و پەیوەندی گرتندا نەماوەتەوە بگرە چەندین توانای دیکەی هەیە لە هەندێك بواردا خۆی لە کۆمپیوتەر نزیك کردۆتەوە.

بۆ ئەوەی کە بزانن لە داهاتوودا تەکنەلۆژیای مۆبایل بە کوێ دەگات، سەیری ئەو چەند وێنەیەی خوارەوە بکەن کە مۆبایلەکانی داهاتوو نیشان دەدەن.





# تەکنەلۆژییەک لەسەرووی خەیاڵەوە

تەکنەلۆژییەکی نوێی مایکرۆسۆفت دەتوانێ پەنجەکان بکاتە سیستەمێکی هۆشمەند لەمسی، کە بەهۆی ئەوەوە دەکرێ چالاکییە جۆراوجۆرەکان بۆ نموونە چالاك کردنی سیستەمی بڵاوکردنەوەی مۆسیقی ئەنجام بدرێ.

تەکنەلۆژی Skinput ئەو تەکنەلۆژییە لە سەرووی خەیاڵە، بەرهەمی توێژینەوەی زانایانە لە زانکۆی کارنگی و کۆمپانیای مایکرۆسۆفتە و ئەو تەکنەلۆژییە پێستی جەستە دەکاتە لاپەڕەیەکی هۆشمەند. Skinput لە راستیدا بازنەیەکە دەتوانی شەپۆلە دەنگییەکان کە بە پەنجە دەکەون وەربگرێ. ئەو سیستەمە لە دوو تەکنەلۆژیای، دۆزینەوەی فرکانسی زۆر لە خوارێ کە بە پەنجەی دەست دەکەوێ و هەروەها پرۆژکتۆری Pico کە لە هەندێك لە تەلەفۆنەکاندا هەیە پێکهاتووە.





# گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە هارددیسکدا روودەدا



هارددیسك لە دوو ساڵی داهاتوودا تووشی گەورەترین گۆڕانکاری لە فۆرماتی خەزنکردنی داتاکانی دا دەبێت. ساڵی 2011 گشت هارددیسکەکان لە فۆرماتێکی پێشکەوتوو سوود وەردەکردن کە شێوەی خەزنکردن و خوێندنەوەی داتاکان لەودا گۆڕانی بەسەرداهاتووە.


ئەو فۆرماتە نوێیە ئەو هەلە بۆ کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی هارددیسك دەرەخسێنێ کە هارددیسکی گەورە لە بواری داکردنی داتاوە دروست بکەن کە داتایەکی زۆر لەخۆیدا خەزن بکات و هەروەها پێویستی بە وزەیەکی کەمتر بێت. شێوەی فۆرماتکردنی هارددیسك بەم شێوەیە کە ئێستا هەیە تا ئەو کاتەی

# پرینتەرێک چێشت لێدەنێ

ئەگەر تەكنەلۆژیا زۆر پێشكەوت، ڕەنگە ژیان ئەو چێژ و خۆشییەی خۆی نەمێنێ، مرۆڤەكان ئەوەندە لێك نزیك نەبن و سـۆز و خۆشەویستی لە كەمی بدات، بۆ نموونە ئەو پرینتەرەی كە ئێستا بەرهەم هاتووە، دەكرێ بە ویستی خۆت لەسەر كۆمپیوتەر خواردنێكی پێ پێشـنیار بكەی ئەویش لەبەری ئەوەی كە بە وەرەقە ڕەسمی خواردنەكەت بۆ چاپ بـكا، ڕاسـتەوخۆ خواردنەكەت بۆ دەردەخات. دیـارە بەرلەو پرینتەرەش چەند جۆرە پرینتەرێكی دیكە هەبوون كە شتی سێ ڕەهەندیان دەردەخست،

بەڵام پرینتەرێك كە خـواردن دەربخات تا ڕادەیەك خەیاڵی دێتە بەرچاو. ئەو پرینتەرە كە بـە "كورنوكۆپیا" ناسـراوە بەرهەمی سـێ كۆمپانیایە، هەرچەندە تاكو ئێسـتا پرینتەرەكـە تەواو نەبـووە، بەڵام پێدەچێ تاكو دوو ساڵی دیكە ڕەوانەی بازاڕ بكرێ، ئیدی تامی ژیان و خواردن بگۆڕێ.






# بەرهەمەكانی AdobeCS5 بەم زووانە بڵاودەبێتەوە

كۆمپانیـای ئـەدۆب ڕایگەیانـد كـە بەمزووانـە هەمـوو بەرهەمەكانی AdobeCS5 كـە پێكهاتـوون لـە كۆمەڵە پرۆگرامێكی زۆر بەهێز و كاریگەر وەك پرۆگرامـی فۆتۆشـۆپ، ئـەدۆب ڕیدەر، فـلاش، ئیندزاین و پریمەر چەندین پرۆگرامی دیكە بڵاودەكاتەوە.

كۆمپانیـای ئـەدۆب لـە تەلەڤزیۆنە ئینتەرنێتییەكەی خۆیدا بە وردی باسـی پرۆگرامەكانی SC5 كردووە. لە پرۆگرامە نوێیەكانی ئەدۆبدا گۆڕانكارییەكی زۆریان تێدا پێكهاتووە هەروەها كۆمەڵەیك توانای نوێ لە پرۆگرامەكاندا زیاد كراون.

# ئەو خوێدانە مۆسیقا بڵاودەكاتەوە



كۆمپانیای سامسۆنگ، كە یەكێكە لە كۆمپانیا مەزنەكانی بەرهەمهێنانی ئامێـری تەكنەلـۆژی سـەردەم، بەم دواییانە ئامێرێكی MP3playerی بڵاوكردۆتەوە كە بە Tictoc ناسراوە، ئەو ئامێرە جیاوازییەكەی تەنیا لە دیزاین و چوارچێوەكەی دایە، ئەگینا لەبواری كاركردەوە هیـچ جیاوازییەكی لەگەڵ ئامێرەكانی دیكە نییـە. دیزاینەكەی هەروەك لەوێنەكەدا دیارە وەك خوێدانێك دەچێت.

خاڵی جێگای سـەرنج لەو ئامێرەدا ئەوەیە كە گۆڕینی فایلێكی مۆسیقی، وەك خوێدانی ڕاستەقینە دەبێ بیجوڵێنی تا ئاوازەكە بگۆڕێ، واتە لەبری خوێ مۆسـیقا بڵاودەكاتەوە. ئـەو بەرهەمە دیجیتاڵییە چەندین ڕەنگی جۆراوجۆری هەیە.



كە هارددیسكەكان بچووك بوون و توانای ئەوەیان نەبوو داتایەكی زۆر لەخۆدا خەزن بكەن، بەڵام ئێسـتاكە سـەردەمی ئەوە هاتووە گۆڕانكاری بنەڕەتی لە هارددا پێـك بێت. بەو گۆڕانەی لە هارددا پێك دێت، خێرایی كۆمپیوتـەر زۆر دەچێتە سـەر و هەروەها ئەو گرفتانەی كە لە هاردەوە سەرهەڵدەدەن نامێنن.